# پوچ کردنەوەی بوختانێکی گەورەی مامۆستای ئاخیر زەمان بۆ ابن تیمیة و سەحابەو تابیعین

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد :

بە داخەوە ئەم مامۆستایە کەوتوەتە جنێو دان و قسەی ناشیرین ووتن بەخەڵك لە پێشیانەوە زانایانی سەلەفی کە بە سەگ وە بە کەر و موخابەرات ناویان ئەبات وە زۆر جنێوی تری ناشیرین کە من وەڵامی جنێو نادەمەوە چونکە جنێودان سیفەتی موسڵمان نیە زمان پیسی هەر لە ئەهلی بیدعە ئەوەشێتەوە کاتێك بەڵگەیان نامێنێ بەرامبەری ئەهلی سوننە ئەکەونە بوختان کردن و جنێو دان بە زانایانی سەلەفی ئەو مامۆستایەی کە من ئەڵێم مامۆستای ئاخیر زەمانە لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (إن الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من العباد ولكن يقبض العلم بقبض العلماء حتى إذا لم يبق عالما اتخذ الناس رءوسا جهالا فسئلوا فأفتوا بغير علم فضلوا وأضلوا) متفق عليه

ئەو مامۆستای ئاخیر زەمانە بەوە نەوەستا کە ئەو هەموو جنێوە بە سەلەفیەکان و زاناکانیان ئەدات ئەو جارە بوختانێکی گەورەی بۆ ابن تیمیة کرد کە گوایە ابن تیمیة ووتویەتی عثمان کوری عفان رضي الله عنه مەنسەبی ویستیەو علی کوری ابي طالب پارەی ویستیە ئەوە کاتێك کە مامۆستای ئاخیر زەمان پرسیاری لێکراوە ئایا ڕاستە سید قطب قسەی بە عثمان رضي الله عنه ووتوە مامۆستای ئاخیر زەمان کۆمەڵێ قسەی ناشیرین ئەڵێ بەو زانایانەی ڕەخنەیان لە سید قطب گرتووە وە ئەڵێ سید قطب ئەم قسانەی لە خۆوە نەکردووە لە تاریخا هەیە سەحابەو تابعی ئەمان کردوویانە وە ابن تیمیة زیاتری ووتوە بە عثمان رضي الله عنه ئەڵێ بۆ مەنسەبی بووە وە علي رضي الله عنه بۆ پارە ! ئەمە بوختانێکی گەلێك گەورەیە بۆ سەحابەو تابعی و ابن تیمیة وە بەڵێ سید قطب لە تاریخ لە ڕەوافیزەو ئەتباعەکانیان وەری گرتووە نەك لە سەحابەو تابعین! بوختانی وا بۆ سەحابەو تابعین کەسێك ناتوانێ بیکات ئیللا ئەو کەسەی کە جورئەتی لە بیدعە گەیشتبێتە ئەو ڕادەیە کە مامۆستای ئاخیر زەمان نمونەیەکە لێی! من هەتا ئێستاش ناوی ناهێنم لەبەر چەند هۆیەك بەڵام ئەگەر هەر بەو شێوە بەردەوام بێت ئەوە من ناچارم لە کتابێکی تایبەت بیدعەو لادانەکانی بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی چیتر خەڵك پێی نەخەڵەتێن بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمە ڕوونی بکەمەوە کە بەڵێ سید قطب قسەی ووتوە بە سەحابەو بێڕێزی بەرامبەریان کردووە ئەو سەحابانەش کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شاهێدی بۆ داون کە پیاوی چاکن و ئەهلی بەهەشتن سید قطب قسەی پێ ووتون وە ئەوەش لێرە ئەڵێم کە سەحابەو تابعی بەرین لەو بوختانەی مامۆستای ئاخیر زەمان کە گوایە ئەوانیش وەك سید قطب قسەیان بە عثمان رضي الله عنه ووتوە وە ئەوەش ئەڵێم ابن تیمیة بەریە لەو بوختانە گەورەیە کە مامۆستای ئاخیر زەمان بۆی هەڵبەستاوە جا بۆ ئەوەی ئەم شتانەتان بۆ ڕوون بکەمەوە فەرموون بزانین چەندە مامۆستای ئاخیر زەمان ڕاست ئەکات! ؟

### سید قطب بێڕێزی بەرامبەر سەحابە ئەکات

### تانە دان لە عثمان و معاوية و عمرو بن العاص رضي الله عنهم

فەتوای پێشەوا عبد العزيز بن عبدالله بن باز (رحمه الله) : ( وقال سيد قطب في كتابه "كتب وشخصيات" (ص242) عن معاوية بن أبي سفيان، وعمرو بن العاص رضي الله عنهما: (إن معاوية وزميله عمراً لم يغلبا علياً لأنهما أعرف منه بدخائل النفوس، وأخبر منه بالتصرف النافع في الظرف المناسب، ولكن لأنهما طليقان في استخدام كل سلاح، وهو مقيد بأخلاقه في اختيار وسائل الصراع.

وحين يركن معاوية وزميله إلى الكذب والغش والخديعة والنفاق والرشوة وشراء الذمم لا يملك علي أن يتدلى إلى هذا الدرك الأسفل، فلا عجب ينجحان ويفشل. وإنه لفشل أشرف من كل نجاح).

قال الشيخ عبد العزيز بن باز– (رحمه الله) – لما سئل عن هذا الكلام وقرىء عليه: (كلام قبيح ! ! هذا كلام قبيح سب لمعاوية وسب لعمرو بن العاص " كل هذا كلام قبيح، وكلام منكر. معاوية وعمرو ومن معهما مجتهدون أخطأوا. والمجتهدون إذا أخطأوا فالله يعفوا عنا وعنهم).

قال السائل: قوله: (إن فيهما نفاقاً) أليس تكفيراً ؟

قال الشيخ عبد العزيز – (رحمه الله) –: (هذا خطأ وغلط لا يكون كفرا " فإن سبه لبعض الصحابة، أو واحد من الصحابة منكرٌ وفسق يستحق أن يؤدب عليه – نسأل الله العافية – ولكن إذا سب الأكثر أو فسقهم يرتد لأنهم حملة الشرع. إذا سبهم معناه قدح في الشرع.

– قال السائل: ألا ينهى عن هذه الكتب التي فيها هذا الكلام ؟

قال سماحة الشيخ عبد العزيز – (رحمه الله) –: ينبغي أن تمزق.

ثم قال الشيخ: هذا في جريدة ؟.

– قال السائل: في كتاب أحسن الله إليك.

قال الشيخ عبد العزيز: لمن ؟.

– قال السائل: لسيد قطب.

– قال الشيخ عبد العزيز: هذا كلام قبيح.

– قال السائل: في "كتب وشخصيات".

واته : فەتوایەکی زانای پایەدار عبدالعزیز ابن باز (رحمه الله) .

وە سید قطب ئەڵێت لە کتابی ( **كتب وشخصيات** ) =ص242= دەربارەی معاویە ی کوڕی ابو سفیان وە عمرو کوڕی عاص رضـي الله عـنهم : ( معاویە وە هاوڕێکەی عمرو سەرنەکەوتن بە سەر علی لە بەر ئـەوەی ئـەوان شـارەزاتر بـوون بـەو شـتانەی ئەچـێتە نێـو نەفـسەوە ، وە هەواڵ زان تر نەبوون لەو بە هەڵس و کەوت کردنی بە سوود لە کاتی شیاو ، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوان بەڕەڵا بوون و دەست کـراوە بـوون لە بەکار هێنانی هەموو چەکێك ، وە علی بەستراوبۆوە بە ڕەوشتی و ئەخلاقی لە هەڵبژاردنی هۆکارەکانی کێشەکان .

وە لەو کاتەی معاویەو هاوڕێکەی لا ئەکەنەوە بۆ درۆو غەش و فێڵ و نیفاق و ڕەشوە دان و خەڵك کڕین ئەوە علی ناتوانێ خۆی بخاتە ئـەو نزم ترین پلەیە ، جا سەیر نیە کە ئەوان سەرکەوتوو ئەبن و ناجح بن و ئەویش فەشەل بێنێ . وە ئەوە فەشەلێکە شەریف ترە لـە هـەموو دەر چونێك و سەر کەوتنێك ) . =پەنا بەخوا لەو قسانەو گێڕانەوەشـی خوایـە تـۆ ئاگـاداری مـن ئەمـەوێ خـەڵك ئاگادار بکەمـەوە (بـاوکی حارث)=.

**شێخ ابن باز** ((رحمه الله) ) کە ئەم قسانەی بە سـەر دا خوێندرایـەوەو پرسـیاری لێکـرا دەربـارەی فـەرمووی : ( ئـەوە قـسەیەکی قەبیحـە جنێوە بە معاویە وە جنێوە بە عمرو بن العاص ئەوە هەمووی قسەیەکی قەبیحە وە قسەیەکی مونکـەرە . معاویـە وە عمـرو بـن العـاص وە ئەوەی لە گەڵیان بوون موجتەهید بوون و نەیان پێکا . وە موجتەهیدەکان ئەگەر نەپێکن ئەوە خوا لە وان و لەمەش ببورێ ) .

پرسیارکەر وتی : کە ئەڵێ : ( نیفاقیان تیایە ) ئایا ئەمە تەکفیر کردن نیە؟

**شێخ ابن باز** (رحمه الله) فەرمووی : (ئەوە هەڵەیەو غەڵەتە کوفر نیە : ئەو جنێودانی بە هەنـدێ صـەحابە ، یـان بـە یـەکێکیان مونکـەرەو فسقە شایانی ئەوەیە تەئدیب بکرێ =نسال الله العافیة= بەڵام ئەگەر جنێوی بە زۆربەیان دا یان تەفسیقی کردن مورتـەد ئەبێتـەوە چـونکە ئەوان=صەحابەکان= هەڵگری شەرعن . ئەگەر جنێویان پێ بدات یانی تانە لە شەرع ئەدات ) .

پرسیار کەر ووتی : ئایا نەهی ناکرێ لەو کتێبانەی کە ئەو قسەی تێدا ؟

شێخ ابن باز (رحمه الله) فەرمووی : ( ئەبێ بدڕێندرێ ) .

پاشان شێخ فەرموی : ئەوە لە ڕۆژنامەیە ؟ .

پرسیار کەر وتی : لە کتابایە خوا چاکەت لە گەڵ بکات .

شێخ ابن باز (رحمه الله) وتی : هی کێیە ؟.

پرسیار کەر وتی : هی سید قطب .

شێخ ابن باز (رحمه الله) وتی : ئەمە قسەیەکی قەبیحە

پرسیارکەر وتی : ئەمە لە کتابی کتب وشخصیات .

المرجع: (شرح رياض الصالحين لسماحته بتاريخ يوم الأحد 1416/7/18).

وە سید قطب شەرمی نەکردووە لە عثمانی کوڕی عفان رضي الله عنه کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شەرمی لێ کردووە وە فریشتەکانی خوا شەرمیان لێ کردووە ، سید قطب بڕوای بە خەلافەتی عثمان ابن عفان رضي الله عنه نەبووەو بە بۆشایی ئەزانێ لە بەینی خەلافەتی عمر و علی رضي الله عنهم ئەمەش لە لای ئەهلی سوننە بە گومڕایی ئەژمێردرێ و دەرچوونە لە مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەت وەك ئێستا ڕوونی ئەکەینەوە پاش دیار کردنی هەندێ لەو کتێبانەی کە سید قطب بێ ئەدەبی تیا کردووە بەرامبەر ئەو صەحابە بەڕێزە .

**سید قطب** دەر بارەی خەلافەتی عثمان ئەڵێت : (ونحن نميل إلى اعتبار خلافة علي رضي الله عنه امتداداً طبيعياً لخلافة الشيخين قبله، وأن عهد عثمان كان فجوة بينهما) العدالة 206 ط5 . واتە : ( وە ئێمە مەیل بۆ ئەوە ئەکەین کە خەلافەتی علی رضي الله عنه درێژ بوونەوەیەکی سروشتی بوو بۆ شێخەکانی پێش خۆی =مەبەستی ابو بکر و عمر رضي الله عنهم= وە سەردەمی خەلافەتی عثمان بۆشاییەك بوو لە بەینیان ) وە لە چاپەکی تر کە ئەمەی بۆ چاك کراوە یان خۆی چاکی کردووە ئەڵێ (وأن عهد عثمان الذي تحكم فيه مروان) واتە : ( وە سەردەمی عثمان کە مروان حوکمی تیا ئەکرد ) پەنا بە خوا لە نەفامی و گومڕایی و بێ شەرمی.

**سید قطب ئەڵێ : (وأخيراً ثارت الثائرة على عثمان واختلط فيها الحق بالباطل، والخير بالشر، ولكن لا بد لمن ينظر إلى الأمور بعين الإسلام ، ويستشعر الأمور بروح الإسلام أن يقرر أن تلك الثورة في عمومها كانت أقرب إلى روح الإسلام واتجاهه من موقف عثمان أو بالأدق من موقف مروان ) العدالة (189) واتە : ( وە ئەخیری شۆڕش کرا لە سەر عثمان وە حەق تێکەڵ بوو تیایا بە باتڵ ، وە خەیر تێکەڵ بوو بە شەڕ ، بەڵام هەر ئەبێ بۆ ئەو کەسەی کە سەیری شتان ئەکا بە چاوی ئیسلام ، وە هەست بە شتەکان ئەکا بە گیانی ئیسلام کە بڕیار بدا ئەو شۆڕشە لە گشتیەکەی نزیکتر بوو لە گیانی ئیسلام و ڕووەکەی لە هەڵوێستی عثمان یان بە دەقیق تر لە هەڵوێستی مروان ) سەیر بکەن چۆن لای سید قطب شۆڕشی مونافیقانی وە بکوژانی عثمان رضي الله عنه بە نزیکتر ئەزانێ لە ئیسلام لە هەڵوێستی عثمان رضي الله عنه !!! هەر ئەوە بڵێین ( اذا لم تستح فاصنع ما شئت ) .**

### هەڵوێستی ئەهلی سوننەو جەماعەت بەرامبەر صەحابەکان ڕەزای خوایان لە سەر بێت

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ التوبه 100 واتە : ( وە پێشکەوتووە یەکەمەکان بۆ ئیسلام لە موهاجیرەکان و ئەنسارەکان وە ئەوانەی شوێنیان کەوتوون بە چاکە خوا لێیان ڕازی بووە وە ئەوانیش لێی ڕازی بوون وە خوا بە هەشتی وای بۆ ئامادە کردوون کە ڕووبارەکانی لە ژێریەوە ئەڕۆن وە بە هەتا هەتایە و بە نەمری تیای ئەمێننەوە ئەوە سەرکەوتن و بردنەوەیەکی گەورەیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (**خير الناس قرني ، ثم الذين يلونهم ، ثم الذين يلونهم** ...) رواه البخاري ومسلم واتە : ( چاکترینی خەڵك سەدەی منن پاشان ئەوانی دواین پاشان ئەوانی دوایان ...) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( **لا تسبوا أصحابي ، لا تسبوا أصحابي فوالذي نفسي بيده لو أنفقَ أحدُكم مثلَ أُحدٍ ذهبًا ما أدرك مُدَّ أحدهم ولا نَصيفَه** ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( جنێو مەدەن بە صەحابەکانی من ، جنێو مەدەن بە صەحابەکانی من سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە ئەگەر یەکێك لە ئێوە ماڵ ببەخشێ بە قەد شاخی احد زێڕ ببەخشێ ناگا بە مشتێکی ئەوان وە ناگا بە نیوەیشی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( **إذا ذكر أصحابي فأمسكوا ، و إذا ذكر النجوم فأمسكوا ، و إذا ذكر القدر فأمسكوا** ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 34 واتە : ( ئەگەر باسی صەحابەی من کرا بێ دەنگ بن =قـسە لەسـەریان مەکـەن= ، وە ئەگەر باسی ئەستێرە کرا بێ دەنگ بن ، وە کە باسی قەدەر کرا بێ دەنگ بن ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( **من سب اصحابي ، فعليه لعنة الله والملائكة والناس اجمعين** ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 2340 واتە : ( ئەوەی جنێو بدا بە سەحابەی من ئەوە لەعنەتی خوای لە سەر بـێ وە لەعنـەتی فریشتەکان و هەموو خەڵکی لە سەر بێ ) .

وە پێغەمبەری خـوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( **لعن الله من سب اصحابي** ) صـحيح الجـامع 5111 واتـە : ( خـوا لەعنەت بکا لەوەی جنێو بە سەحابەی من ئەدا ) .

وە **پێشەوا طحاوي** (رحمه الله) دەربارەی باوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە بەرامبـەری صـەحابەکان رضـي الله عـنهم ئەفـەرموێ : ( ونحب أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم ، ولا نفرِّطُ في حبِّ أحدٍ منهم ، ولا نتبرأ من أحدٍ منهم ، ونبغض من يبغـضهم وبغـير الخـير يـذكرهم ، ولا نذكرهم إلاّ بخير. وحبُّهم دين وإيمان وإحسان ، وبغضهم كفـر ونفـاق وطغيـان ) العقيـدة الطحاويـة واتـە : ( وە صـەحابەکانی پێغەمبـەری خوامان صـلى الله عليـە وعلـى الـه وسم خـۆش ئـەوێ ، وە زیـادە ڕەوی ناکـەین لـە خۆشویـستنی کەسـێکیان ، وە خـۆ بـەری ناکـەین لـە کەسێکیان ، وە ڕقمان ئەبێتەوە لە کەسێك ڕقی لەوان ببێتەوە وە بە بێ خێر بە خراپە باسیان بکات ، وە باسـیان ناکـەین ئـیللا بـە خـەیر نەبێ . وە خۆشویستنی ئەوان دین و ئیمان و چاکەیە ، وە ڕق بوونەوە لەوان کوفرو نیفاق و سنوور بەزاندنە ) .

**پێشەوا نەوەوی** لە شەرحی مسلم (رحمه الله) ئەفەرموێ : ( اعلم أن سب الصحابة رضي الله عنهم حرام من فواحش المحرمـات ، سـواء مـن لابس الفتن منهم وغيره لأنهم مجتهدون في تلك الحروب متأولون ، وقال القاضي: سب أحدهم من المعاصي الكبائر ، ومذهبنا ومذهب الجمهـور أن يعزر ولا يقتل ، وقال بعض المالكية يقتل ) واتە : ( بزانە کە جنێو دان و عەیب گرتن لە صەحابە ڕەزای خوایان لـە سـەر بێـت حەڕامـە لە حەڕامە ناشیرن و قێزراوەکانە ، یەکسانە ئەوە دەرهەق بە صەحابەکان کامیان بن ئەوانەی کە تێکەڵی فیتنە بوون یان نا چـونکە ئـەوان موجتەهید بوون لەو شەڕانە تەئویلیان هەبوو =یانی بە ئەنقەست ئەمەیان نەکردووە بەڵکو بەڵگـەی خۆیـان هـەبوو= وە قـاضـي ئـەڵێت : جنێو دان و عەیب گرتن لە یەکێکیان ئەوە لە تاوانە گەورەکانە ، وە مەزهـەبی ئێمـە وە مەزهـەبی جمهـور ئەوەیـە کـە کەسـێ جنێـو دەرو عەیب گر بێ لە یەکێك لە صەحابە ئەبێ تەعزیر بکرێ =بە لێدان و قسە= وە ناکوژرێ ، وە هەندێ لە مالیکیەکان ئەڵێن ئەکوژرێ ) .

**شێخی ئیسلام ابن تيمية** لە کتابی الصارم المسلول نەقڵ ئەکا لە احمدی کوڕی حنبل کە فەرمویەتی : ( **لا يجوز لاحـد ان يـذكر شيئا من مساوئهم ولا يطعن على احد منهم بعيب او نقص فمن فعل ذلك ادب فان تـاب والا جلد في الحبس حتى يموت او يرجع** ) واتە : ( وە دروسـت نیە بۆ کەسێك کە باسی شتێ لە خراپەکانیان بکات وە نابێ تانە با لە یەکێکیان بە عەیب گرتن لێی یان بە نـەقس باسـی بکـا هـەر کەسـێ ئەوە بکات ئەوە تەئدیب ئەکرێ ئەگەر تەوبەی کرد ئەگینا جەلدەی لێ ئەدرێ لە حەبس هەتا ئەمرێ یان پەشیمان ئەبێتەوە ) .

وە ابن تيميـة (رحمـه الله) لـە کتـابی ( العقيـدة الواسـطية ) کـە هەڵوێـستی ئـەهلی سـوننە ڕوون ئەکاتـەوە بەرامبـەری چـوار خەلیفەکـەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە ئەهلی سـوننە ئـەو کەسـە بـە گـومڕا ئـەزانن تانـە بـا لـە خەلافـەتی یەکێك لەو خەلیفانە رضي الله عنهم ئەفەرموێ : ( **ومن طعن في خلافة احد من هؤلاء فهو اضل من حمار اهله** ) واتـە : ( کەسـێك تانـە بـا لـە خیلافەتی یەکێك لەمانە ئەوە ئەو کەسە گومڕا ترە لە گوێ درێژی ماڵەوەیان ) !.

**ئەوە هەڵوێستی ابن تيمية و ئەهلی سوننەیە** هەڵوێستی زانایانی سەلەف خوا جەزایان باتەوە ئایا ئەبێ هەڵوێستی ئەهلی بیدعە ڕاسـت بـێ یان هەڵوێستی ئەوان !؟ ئەوەی ئەچێتە ڕیزی ئەهلی بیدەع با لۆمەی خۆی بکا پاش ئەوەی ئەم حوکمەی بۆ ڕوون بۆتەوە .

**هەندێ لە فەزلی ئەو هاوەڵانەی سید قطب تانەی لێداون**

**عثمان كوڕی عفان** رضي الله عنه : خەلیفەی سێهەمی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە زاوای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم دوو کچی پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وعلی اله وسلم هێناوە لە بەر ئەوە ناسراوە بە ( ذي النورين ) ئەو کەسەی فریشتەکانی خوا شەرمیان لێ کردووە وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم شەرمی لێ کردووە بەلاَم رافیزەکان و خەواریجەکان و سید قطب شەرمیان لێ نەکردووە !!! .

لە **عبدالله ی کوڕی عمر** خوا لێیان ڕازی بێ ئەفەرموێ :( كنا في زمن النبي صلى الله عليه وسلم لا نعدل بأبي بكر أحدًا ، ثم عمر ، ثم عثمان ، ثم نترك أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم ، لا نفاضل بينَهم ) رواه البخاري واتە : ( ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم کەسێکمان نە ئەهێنا ڕیزی ابو بکر ، پاشان عمر ، پاشان عثمان ، پاشان وازمان ئەهێنا لە سەحابەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ، فەزلی کەسمان بە سەر کەسا نەئەدا ) .

وە لە **عائیشة** رضي الله عنها ئەفەرموێ : ( كان رسول الله صلى الله عليه وسلم مضطجعًا في بيتي كاشفًا عن فخذيه ـ أو ساقيه ـ ، فاستأذن أبو بكر فأذن له وهو على تلك الحال ، فتحدَّث ، ثم استأذن عمر فأذن له وهو كذلك ، فتحدّث ، ثم استأذن عثمان فجلس رسول الله صلى الله عليه وسلم وسوّى ثيابَه فدخل فتحدّث فلما خرج قالت عائشة ـ رضي الله عنها ـ : دخل أبو بكر فلم تهتشّ له ولم تباله ، ثم دخل عمر فلم تهتشّ له ولم تباله ، ثم دخل عثمان فجلستَ وسويّت ثيابك ؟ ، قال : ( ألا أستحي من رجلٍ تستحي منه الملائكة ) رواه مسلم واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم پاڵ کەوتبوو لە ماڵی من وە ڕانەکانی یان لاقەکانی دەرخستبوو ، ابو بکر داوای ئیزنی کرد بێتە لای ئیزنی دا وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەر لەسەر ئەو حاڵەی خۆی بوو =هەڵنەستاو خۆی داپۆشیَ= ، ئینجا قسەی کرد ، پاشان عمر داوای ئیزنی کرد بێتە لای ئیزنی دا وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەر لەسەر ئەو حاڵەی خۆی بوو =هەڵنەستاو خۆی داپۆشیَ= ، ئینجا قسەی کرد ، پاشان عثمان داوای ئیزنی کرد بێتە لای ئیزنی دا وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم دانیشت وە جلەکانی ڕێك کردەوە جا عثمان هاتە ژورەوە و قسەی کرد کە چووە دەرەوە عائیشە ڕەزای خوای لەسەر بێ فەرموی : ابو بکر هاتە ژورەوە خۆت تێك نەیاو ئیهتیمامت نەدا وە عمر هاتە ژورەوە خۆت تێك نەدا بۆی وە ئیهتیمامت نەدا پاشان کە عثمان هات دانیشتی و جلەکانت ڕێك خستەوە ؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی : ئایا من شەرم لە پیاوێ نەکەم کە فریشتەکان شەرمی لێ ئەکەن !) .

وە هاتووە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم کە انس خوا لێی ڕازی بێ ئەیگێڕێتەوە : ( صعد النبي صلى الله عليه وسلم أُحدًا ومعه أبو بكر وعمر وعثمان ، فرجف ، فقال : اسكن أُحد أظنُّه ضربه برجله فليس عليك إلاّ نبيٌّ وصدِّيق وشهيدان ) رواه البخاري واتە : ( پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم سەرکەوت بە سەر شاخی ئوحود وە ابو بکر و عمر و عثمان لە گەڵی بوون ، شاخی ئوحود لەرزی ، پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی : گیر بەو بسەکنە ئەی ئوحود =انس ئەڵێ وابزانم بە پێی لێیدا= تۆ کەسێکت لە سەر نیە ئیللا پێغەمبەرێك و صدیقێك و دوو شەهید ) .

لە **ابو موسی** رضي الله عنه ئەیگێڕێتەوە : ( أن النبي صلى الله عليه وسلم دخل حائطًا وأمرني بحفظ باب الحائط ، فجاء رجلٌ يستأذن فقال : ائذن له ، وبشِّره بالجنة فإذا أبو بكر ، ثم جاء آخر يستأذن فقال : ائذن له ، وبشّره بالجنة فإذا عمر ، ثم جاء آخر يستأذن ، فسكت هنيهة ثم قال : ائذن له ، وبشره بالجنة على بلوى ستصيبُه فإذا عثمان بن عفان ) رواه البخاري واتە : ( پێغەمبەر صلی الله علیه

وعلى اله وسلم چووه نێو بیستانێکەوە وە فەرمانی بە من کرد دەرگای بیستانەکە بپارێزم ، جا پیاوێك هات داوای ئیزنی کرد بۆ هاتنە ژورەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئیزنی بدە ، وە مژدەی بەهەشتی پێ بدە کە ئەبینم ابو بكر بوو ، پاشان پیاوێکی تر هات داوای ئیزنی هاتنە ژورەوەی کرد پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئیزنی بدە وە موژدەی بەهەشتی پێبدە کە ئەبینم عمر بوو ، پاشان کەسێکی تر هات داوای ئیزنی هاتنە ژورەوەی کرد ، پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم تۆزێك بێدەنگ بوو ئینجا فەرمووی : ئیزنی بدە ، وە موژدەی بەهەشتی پێبدە لەسەر بەلآیەك کە توشی ئەبێت ) .

وە **پێشەوا بوخاری** (رحمه الله) بە سەنەدی خۆی ئەیگێڕێتەوە : ( أنّ عثمان ـ رضي الله عنه ـ حيث حوصر أشرف عليهم وقال : أنشدكم الله ـ ولا أنشد إلاّ أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم ـ : ألستم تعلمون أنّ رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : من حفر رومة فله الجنة فحفرتُها ؟ ، ألستم تعلمون أنه قال : مَن جهّز جيش العُسرة فله الجنة فجهزتُه ؟ ، قال : فصدّقوه بما قال) رواه البخاري واتە : ( کە عثمان رضي الله عنه دەورەیان گرت =ئەوانەی هاتبوون بیکوژن پەنا بەخوا= ڕووی تێکردن و فەرمووی : سوێندتان ئەدەم بە خوا وە کەس سوێند نادەم ئیللا هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئایا ئێوە نازانن کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : هەر کەسێ بیری ڕومە هەڵکەنێ ئەوە بەهەشتی بۆ هەیە وە من هەڵم کەند ؟ ، ئایا ئێوە نازانن کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : هەر کەسێ جەیشی عسرە =ئەو جەیشەی بۆ تبوك ئەڕۆیشت= پێداویستیەکانی بۆ ئامادە بکا ئەوە بەهەشتی بۆ هەیە وە من پێداویستیەکانم بۆ ئامادە کرد ؟ : ئینجا ئەفەرموێ : قسەکانیان پشت ڕاست کردەوە ) . وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شاهێدی بۆ داوە کە لە کاتی فیتنە ئەو لەگەڵ شوێنکەوتەکانی لە سەر هیدایەتن ئەفەرموێ (لتخرجن فتنة من تحت قدمي أو من بين رجلي هذا = يعني : عثمان رضي الله عنه= هذا يومئذ ومن اتبعه على الهدى ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 3119 واتە : ( فیتنەیەك لە ژێر پێم دەر ئەچێت یان وتی لە بەینی پێم ئەوە =مەبەستی عثمان رضي الله عنه= لەو ڕۆژە=لەکاتی فیتنەکە= وە ئەوانەی شوێنی ئەکەون لە سەر هیدایەتن ) . ئیتر شاهێدی سید قطب وەربگرین یان شایەدی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەربگرین کە بە درۆ خستنەوەی کوفرو زەندەقەیە و دەرچوونە لە دین !؟ ئەگەر یەکێك زەڕڕەیەك ئیمانی هەبێ وەڵامەکەی هەر ئەوەیە شاهێدی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەر ئەگرێ ناشزانم کێ جورئەت ئەکا بڵێ سید قطب ڕاست ئەکا لە قسەکانی بەرامبەر عثمان رضي الله عنه وە موسیر ئەبێ لە دیفاع کردن لە سید قطب !؟.

وە **معاویەی کوڕی ابو سوفیان** خوا لێیان ڕازی بێ : خەزوری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە کاتبی وەحی وە یەکێك لەوانەی کە شەڕی مورتەددەکانی کرد وە لە سەردەمی ابو بكر رضي الله عنه چوو بۆ شام لە گەڵ براکەی یزید کە کردرا بە والی دیمەشق وە کە لە سەردەمی عمر رضي الله عنه یزید رضي الله عنه مرد عمر رضي الله عنه موعاویەی رضي الله عنه خستە شوێنی وە لە سەردەمی عثمان رضي الله عنه بوو بە والی شام لە پاش ئەوە کە ئەو فیتنەیەی ڕووی دا بە هۆی مونافیق و خەواریجەکان لە کوشتنی عثمان رضي الله عنه وە ئەو کێشانەی لێی کەوتەوە لە پاش ئەوە کە علی رضي الله عنه شەهید کرا بە دەستی خەواریج خوا لە ناویان بەرێ حسن رضي الله عنه تەنازولی کرد لە خەلافەت بۆ موعاویە موسڵمانان هەموو ڕازی بوون بە خەلافەتی موعاویە رضي الله عنه بەڵام کێشەی پێشتریش لە سەر خەلافەت نەبوو بەڵکو فیتنەیەك بوو مونافیق و خەواریجەکان هەڵیان گیرساند ئێمەش وەك ئەهلی سوننە ئەڵێین خوای گەورە لە هەموو هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕازی بێ هەموویان خۆشەویستن و ئەوەی ڕووی دا هەردوولا تیای پاداشت وەر ئەگرن ئەگەر هەڵە بووبن یەك پاداشت وە ئەگەر پێکابیان دوو پاداشت بەڵام خەواریج و رافیزەکان و سید قطب وا ناڵێن !

بەڵكو موعاويە رضي الله عنە بە تاوان بار ئەزانن و بوختانی بۆ هەڵ ئەبەستن وە هەروەها بەرامبەری عمرو كوڕی عاص رضي الله عنە قسەی ناشیرین ئەكەن دیارە ڕەوافیزەكان و خەواریجەكان بەرامبەر زۆربەی سەحابەكان بێ ئەدەبی ئەكەن بەڵام من بۆیە ئەم چەند سەحابە باس ئەكەم چونكە سید قطب بە ئاشكرا ناوی ئەوانەی هێناوەو تانەیان لێ ئەدا بە ناشیرین ترین شێوە بە نیفاق و درۆ وە غەش وخیانەت و ڕەشوە ئیتیهامیان ئەكات ! ئێمە با سەیر بكەین شاهێدی پێغەمبەر صلى الله علیە وعلى الە وسلم چیە بۆیان ئەوە بۆمان دەركەوت كە عثمان رضي الله عنە چ فەزلێكی هەبوو وە چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم شاهێدی بۆ داوە بەڵام بزانین موعاویەو عمرو رضي الله عنهم چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم شاهێدی بۆ داون و پاشان بزانین سید قطب ڕاستەو شاهێدی ئەو وەربگرین! ؟ ئەوەی تۆزقاڵێك ئیمان لە دڵی بێ شاهێدی پێغەمبەر صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەبێ وەربگرێ بێگومان ، ئەوجا بوختانی سید قطب و ئەو بێ شەرمیەی ئایا ئەبێ بشارینەوەو هەر موسیر بین بلێین نابێ ڕەددی بدەینەوە لە بەر ئەوەی قائیدی ئیخوان المسلمین بووەو ئیعدام كراوە بە دەستی زاڵمان !.

بوخاری ڕیوایەتی ئەكا كە موعاویە رضي الله عنە دوای عیشا نوێژی وتری كرد بە یەك ڕكات یەكێ هات بۆ لای ابن عباس رضي الله عنهم پێی ووت : هەڵوێستێكت نابێ بەرامبەر ئەمیری ئیمان داران بە یەك ڕكات وتری كرد ابن عباس رضي الله عنهم فەرموی : ئەو فەقیهە ) .

وە لە **ابو الدرداء** رضي الله عنە هاتووە : ( ما رأيت أحداً بعد رسول الله صلى الله علیە وعلى الە وسلم أشبە صلاة برسول الله صلى الله علیە وعلى الە وسلم من أميركم هذا =يعني معاوية=) مجمع الزوائد (357/9) واتە : ( كەسم نەبینیوە پاش پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم كە زیاتر نوێژی بە نوێژی پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم بچێ لەو ئەمیرەتان = یانی موعاویە = ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەفەرموێ : ( **اللهم علم معاوية الكتاب والحساب وقه العذاب** ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 3227 واتە : ( خوایە موعاویە فێری نوسین و حیساب بكە وە بیپارێزە لە سزا ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەفەرموێ : ( **اللهم اجعله هاديا مهديا و اهده و اهد به** ) .سلسلة الاحاديث الصحيحة 1969 واتە : ( خوایە بیكەی بە هیدایەت دراو وە وەهۆی هیدایەتی خەڵك خوایە هیدایەتی بدە وە بیكە بە هۆی هیدایەتی خەڵك ) .

وە هەروەها **عمرو كوڕی عاص** رضي الله عنە لە ساڵی غەزای خیبر موسڵمان بوو وە هیجرەتی كرد بۆ مەدینە ، وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم كردی بە ئەمیری سریەیەك كە بۆ غەزا ڕەوانەی كردن بە ناوی غەزای =**ذات السلاسل**= پاشان پێغەمبەری خوا كردی بە ئەمیری عمان هەر والی ئەوێ بوو تا سەردەمی ابو بكر و عمریش رضي الله عنهم پاشان بوو بە والی میسر خوا لێی ڕازی بێ پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم مەدحی ئەكات و ئەفەرموێ : ( **ابنا العاص مؤمنان : هشام وعمرو** ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 156 واتە : ( كوڕەكانی عاص بڕوادارن : **هشام و عمرو** ) . وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەفەرموێ : ( عمرو بن العاص من صالحي قريش ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 653 واتە : ( عمرو كوڕی عاص لە پیاو چاكەكانی قوڕیشە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەفەرموێ : (**أسلم الناس و آمن عمرو بن العاص** ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 155 واتە : ( خەڵك موسڵمان بوون وە عمرو كوڕی عاص بڕوای هێنا ) . دەی بزانن حوكمی ئەو كەسە چیە كە ئەو فەرمودانە ڕەد بكاتەوە وە ئەو شاهێدیەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم وە شاهێدی هاوەڵەكانی پێغەمبەر صلى الله علیە وعلى الە وسلم وەر نەگرێ ئیتیهامی عمرو موعاویە رضي الله عنهم بكا بە درۆ وە بە نیفاق وە بە خیانەت و غەش و ڕەشوە دان و ڕەوشت نزمی !!! لە گەڵ ئەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەم شاهێدیەی بۆ داون كە ئەوان پیاوی چاكن و ئەهلی ئیمانن وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم موعاویەی كردبوو بە كاتبی وەحی جا یەكێ بە كاتبی وەحی بڵێ درۆی كردووە ئەمە چ مانایەك ئەگەیەنێ !؟ دە با بیر بكەینەوە بەخۆمانا بچینەوە لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننە لا نەدەین بەوەی دیفاع لە كەسانێك بكەین ئاوا داخ لە دڵ بووبێ

بەرامبەری سەحابەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم دەبا غیرەتمان هەبێ لە سەر سەحابەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە جواب بین نەك لە سەر دوژمنەکانیان !.

وە با بزانین سید قطب بیدعەی گەورەی تری زۆرە مامۆستای ئاخیر زەمان چۆن ئەتوانێ ئەو هەموو بیدعەیە داپۆشێ ئەترسم بۆ هەر بیدعەیەك بوختانێك بکات بلێ سەحابە ووتویانە یان ابن تیمیة ووتویەتی پەنا دەگرم بەخوا لە شەڕی ئەهلی بیدعە هەندێ لە بیدعەکانی سید قطب :

**مەسەلەی ( وحدة الوجود ) ی بڕوای پوچی هەندێ سۆفیەکان**

**تەکفیری موسڵمانان بە گشتی و بڕوا بوون بەوەی دەوڵەتی ئیسلامی نیە لە سەر زەوی لای سید قطب!**

**حوکمی ئاژەڵی سەربڕاوی دەستی غەیری ئیخوان المسلمین لای سید قطب وە تەکفیری ئەوەی ئیخوان موسلیمین نەبێ !.**

**سید قطب نوێژی جومعەی نە ئەکرد وە بڕوای وابوو کە نوێژی جومعە فەرز نیە چونکە خەلافەت نیە !!!**

**سید قطب ئەڵێ ئیسلام تێکەڵەیە لە شیوعیەت و مەسیحیەت !!!**

**= تحریف= کردنی مانای سیفاتەکانی خوا لە وانەش سیفەتی استواء**

**ووتەی نابەجێ بەرامبەر موسی علیه السلام**

**سید قطب ئەڵێتە قورئان سیحرە**

**سید قطب رەددی فەرموودەی ئاحاد ئەکات وەك موعتەزیلەو ئەهلی بیدەع**

**سید قطب وەلاو بەرای نیە ئەڵێت جولەکەو دیانمان ئەبێ خۆش بوێ**

**سید قطب لا اله الا الله بە هەڵە تەفسیر ئەکات**

**سید قطب ئەڵێ ئیسلام حوریەتی عەقیدەی تیایە!**

یانی خەڵك ئازادە چ دینێك هەڵ ئەبژێرێ!!!

وەچەندین گومڕایی و بیدعەی تر کە بەو هەموو زانایەی ڕەدیان داوەتەوە هێشتا هەمووی کۆنەبۆتەوە! ئەم هەڵانە بخوێننەوە لە قسەی خۆی وەڕەددی زانایانی لە سەر ببینن لە کتابی هەندێ لە هەڵەکانی سید قطب لە چاپی دووەم بەتایبەتی ان شاء الله لەم نزیکانە ئەیبینن هەر لەوێش قسەی زیاتری ابن تیمیة ئەخوێننەوە ان شاء الله بۆ ڕەددی بوختانی مامۆستای ئاخیر زەمان!

**ئایا سید قطب موجتەهیدو زانا بووە تا ئەگەر پێکابی دوو پاداشتی هەبێ وە ئەگەر هەڵەی کردبێ یەك پاداشتی هەبێ ؟**

شێخ **صالح الفوزان**– حفظه الله – لە وەڵامی ئەو پرسیارە فەرموی: (لیس هو من أهل الاجتهاد حتى يقال فيه ذلك، لكن يقال: إنه جاهل يعذر بجهله. ثم إن مسائل العقيدة ليست مجالاً للاجتهاد لأنها توقيفية) واتە : ( ئەو لە ئەهلی ئیجتیهاد نیە هەتا ئەوەی دەربارەی بوترێ ، بەڵام ئەوترێ : ئەو جاهیلە عوزری ئەدرێ بە جەهلەکەی . ئینجا مەسەلەکانی عەقیدە مەجالی ئیجتیهادی تێدا نیە چونکە تەوقیفیە =یانی لەسەر بەڵگەکان ئەبێ بووەستی=) = براءة علماء الأمة من تزكية اهل البدعة والمذمة =.

**فەتوای پێشەوا ی فەرمودەناس محمد ناصر الدين الألباني** (رحمه الله) :

کە لە سەر کتابی "العواصم مما في كتب سيد قطب من القواصم" ئەو تەعلیقەی نوسیوە : (كل ما رددته على سيد قطب حقٌ صوابٌ، ومنه يتبين لكل قارئ على شيء من الثقافة الإسلامية أن سيد قطب لم يكن على معرفة بالإسلام بأصوله وفروعه. فجزاك الله خير الجزاء أيها الأخ (الربيع) على قيامك بواجب البيان والكشف عن جهله وانحرافه عن الإسلام) واتە : ( هەموو ئەوانەی ڕەدت داوەتەوە لە سەر سید قطب حەق و ڕاستە ، وە لەوە دەر ئەکەوێ بۆ هەموو خوێنەرێك کە لە سەر شتێك ڕۆشنبیری ئیسلامی بێت کە سید قطب لە سەر ناسینی ئیسلام نەبووە بە بنچینەکانی و بە فەرعەکانیەوە . جا خوا پاداشتی خێرت بداتەوە ئەی برا =الربيع= لە سەر هەڵسانت بە واجبی ڕوون کردنەوەی وە ئاشکرا کردنی جەهلەکەیی و لادانی لە ئیسلام ) . المرجع: (من ورقة بخط الشيخ الألباني (رحمه الله) كتبها في آخر حياته).

## حوکمی ئەوانەی دیفاع لە ئەهلی بیدەع ئەکەن و مەدحیان ئەکەن

ئەوکەسانەی کە دیفاع ئەکەن لە ئەهلی بیدەع بە گشتی و بە تایبەتی لە سید قطب ئەمە ئەو پرسیارە کە وەڵامەکەی لە لایەن پێشەوا ابن باز (رحمه الله) دراوەتەوە هەدیە بێ بۆیان بەڵکو بە خۆیانا بچنەوەو دیفاع لە ئەهلی بیدعەو خورافات نەکەن!.

پرسیار : ( فضيلة الشيخ أحسن الله إليك: الذي يثني على أهل البدع ويمدحهم هل يلحق بهم؟) واتە : ( شێخی پایەدار خوا چاکەت لە گەڵ بکات : ئەوەی مەدحی ئەهلی بیدەع بکات و پیایان هەڵبدات ئایا ئەکرێن بە پاشکۆی ئەوان ؟)

شێخ فەرموی : ( نعم ما فيه شك من أثنى عليهم ومدحهم هو داع لهم يدعوا لهم، هذا من دعاتهم نسأل الله العافية، نعم ) واتە : ( بەڵێ گومانی تێدا نیە کەسێ مەدحیان بکات و پیایان هەڵبدات ئەوە بانگەواز ئەکا بۆ ئەوان ، ئەوە لە بانگەواز کەرەکانیانە داوای سەلامەتی لە خوا ئەکەین ، بەڵێ ) . من شريط مسجل يتضمن تعليقه (رحمه الله) على كتاب "فضل الإسلام" للإمام المجدد محمد بن عبد الوهاب – تسجيلات البردين بمدينة الرياض – .

## حوکمی خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەهلی بیدەع و گوێ لێ گرتنیان و دانیشتن لە گەڵیان و تێکەڵ بوونیان

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنْسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾ الانعام (68) واتە : ( وە ئەگەر ئەو کەسانەت بینی قسە ئەکەن لە ئایەتەکانی ئێمە =بە گاڵتەو درۆ خستنەوەی= ئەوە پشتیان تێبکە هەتا ئەچنە سەر قسە کردن لە شتێکی تر وە ئەگەر شەیتانیش بیری بردیەوە ئەوە لە پاش بیر هاتنەوە لە گەڵ قەومی ستەم کاران دامەنیشە ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ النساء(140) واتە : ( وە بە تەئکید لە بۆتان هاتۆتە خوارەوە لە کتاب=قورئان= کە هەر کاتێك گوێتان لێبوو کە ئایەتەکانی خوا کوفری پێ ئەکرێ یان گاڵتەی پێ ئەکرێ ئەوە لە گەڵیان دامەنیشن هەتا ئەچنە سەر قسە کردن لە سەر شتێکی تر =ئەگەر لە گەڵیان دانیشن= ئەوە بێگومان ئێوەش وەك ئەوانن=لەتاوان= وە بە تەئکید خوا مونافیق و کافرەکان لە جەهەننەم کۆ ئەکاتەوە هەمویان ) .

**پێشەوا طبري** لە تەفسیری ئەم ئایەتە ئەفەرموێ : (وفي هذه الآية، الدلالة الواضحة على النهي عن مجالسة أهل الباطل من كل نوع، من المبتدعة والفسَقة، عند خوضهم في باطلهم) واتە : ( وە لەو ئایەتە ، بەڵگەی ئاشکرا هەیە لە سەر نەهی کردن لە دانیشتن لە گەڵ ئەهلی باتڵ لە هەموو جۆرێك ، لە موبتەدیعەکان و لە فاسقەکان ، لەو کاتەی باسی باتڵەکەیان ئەکەن ) .

وە پرسیار کرا لە پێشەوا ابو زرعة (رحمه الله ) لە دەربارەی =الحارث بن اسد المحاسبي= وە کتابەکانی لە وەڵاما بە پرسیار کەرەکەی ووت : ( اياك وهذه الكتب ، هذه كتب بدع وضلالات ، عليك بالاثر . قيل له : في هذه الكتب عبرة ، فقال : من لم يكن له في كتاب الله عبرة ، فليس له في هذه الكتب عبرة . ثم قال ما اسرع الناس الى البدع ) التهذيب 117/2 , تاريخ بغداد 215/8 . الاجوبة المفيدة ص 134 واتە : ( ئاگادار بە لەو کتابانە خۆت بپارێزە ، ئەو کتابانە کتابی بیدعەو گومڕایین ، دەست بگرە بە ئەسەر =یانی ئەوەی لەسەلەفی سالح ماوەتەوە= . پێیان ووت : لەو کتابانە عیبرەت هەیە فەرموی : ئەوەی لە کتابی خوا عیبرەتی بۆ نەبێ ، ئەوە عیبرەتی بۆ نیە لەو کتابانە. پاشان ووتی چەن بە پەلە خەڵك ئەکەونە بیدعەوە).

پێشەوا **ابن القدامه المقدسی** لە کتابی لمعة الاعتقاد الهادي الى سبيل الرشاد ئەفەرموێ : ( ومن السنة : هجران اهل البدع ، ومباينتهم ، وترك الجدال والخصومات في الدين ، وترك النظر في كتب المبتدعة والاصغاء الى كلامهم ، وكل محدثة في الدين بدعة ) واتە : ( وە لە سوننەتە =لە ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەتە= هەجر =تەرك= کردنی ئەهلی بیدەع ، وە جیا بونەوە لێیان ، وە واز هێنان لە جیدال و کێشە بوون و بەرەنگاری یەکتر کردن لە دین ، وە واز هێنان لە سەیر کردنی کتابەکانی موبتەدیعەکان وە واز هێنان لە گوێگرتن لە قسەکانیان ، وە هەموو شتێکی داهێنراو زیاد لە دین بیدعەیە ) .

**پێشەوا محمد بن صالح العثيمين** ((رحمه الله) ) له شەرحی ئەو کتابە کە شەرحی ئەم قسەیەی ابن قدامة ئـەکات ئەفـەرموێ : ( **هجـران اهل البدع** الهجران مصدر هجر وهو لغة : الترك والمراد بهجران اهـل البـدع الابتعـاد عـنهم وتـرك محبـتهم ومـوالاتهم والـسلام علـيهم وزيـارتهم وعيادتهم ونحو ذلك .

وهجران اهل البدع واجب لقوله تعالى : ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ المجادلة 22

ولان النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم هجر كعب بن مالك وصاحبيه حين تخلفوا عن غزوة تبوك .

لكن ان كان في مجالستهم مصلحة لتبيين الحق لهم وتحذيرهم من البدعة فلا باس بذلك وربما يكون ذلك مطلوبا لقوله تعالى : ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ النحـل 125 وهـذا قـد يكـون بالمجالـسة والمـشافهة وقـد يكـون بالمراسـلة والمكاتبة ومن هجر اهل البدع ترك النظر في كتبهم خوفا من الفتنة بها او ترويجها بين الناس فالابتعاد عن مواطن الـضلال واجـب لقولـه صـلى الله عليه وعلى اله وسلم في الدجال : ( ومن سمع به فلينأ عنـه فـو الله ان الرجـل ليأتيـه وهـو يحـسب انـه مـؤمن فيتبعـه ممـا يبعـث بـه مـن الشبهات ) رواه ابو داود قال الالباني : واسناده صحيح .

لكن ان كان الغرض من النظر في كتبهم معرفة بدعتهم للرد عليها فلا بأس بذلك لمن كـان عنـده مـن العقيـدة الـصحيحة مـا يتحـصن بـه وكـان قادرا على الرد عليهم بل ربما كان واجبا لأن رد البدعـة واجـب ومـا لا يـتم الواجـب الا بـه فهـو واجـب ) واتـه : ( واز هێنـان و تـەرك كردنـی =هەجری= ئەهلی بیدع هجران سەرچاوەی هجر وە لە زمانا یانی : تەرك كـردن وە مەبەسـت لـە هـەجری ئـەهلی بیـدەع دوور كەوتنەوەیـە لێیان وە تەرك كردنی خۆشویستنیانە وە تەرك كردنی موالاتیانە=دیفاع لێ كردن و سەرخستنیانە= وە تـەرك كردنـی سـەلام لـێ كردنیانـە وە تەرك كردنی سەردانیانە و عیادە كردنیانە =لە كاتی نەخۆشی= وە ئەوەی وەك ئەم شتانەیە .

وە هەجر كردنی ئەهلی بیدعە واجبە لە بەر فەرمودەی خوای بـەرز : ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ المجادلة 22 واتە : = قەوێك نادۆزیتەوە بڕوایان بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی بـێ ئـەو كەسـانەیان خـۆش بـوێ كـە دژایـەتی خـواو پێغەمبەرەكەی ئەكەن = . وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسـلم هـەجری كعـب ی كـوڕی مالـك و دوو هاوەڵەكـەی كـرد لەو كاتەی دوا كەوتن لە غەزوەی تەبوك . بـەڵام ئەگـەر لـە دانیـشتن لـە گـەڵیان بەرژەوەنـدی هـەبێ بـۆ ڕوون كردنـەوەی حـەق بۆیـان وە ئاگادار كردنەوەو ترساندنیان لە بیدعە ئەوە هیچی لە سەر نیە بەڵكو لە وانەیە داوا كراویش بێ لە بەر فەرمودەی خوای بەرز : ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ النحـل 125 واتـە : = بانگـەواز بكـە بـۆ لای ڕێگـای پـەروەردگارت بـە حیكمەت بە عیلم و نەرم و نیانی شێوازی پێویست وە بە ئامۆژگاری چاك وە جیدالیان لە گەڵ بكە بە جوانترین شێوە =.

وە ئەوە جار وایە بە دانیشتن لە گەڵیان ئەبێت یان بە قسەی بەرامبەری یان بە نامە ناردن یان بە نوسـین وە لـە هـەجری ئـەهلی بیدعەیـە واز هێنان لە سەیر كردنی كتابەكانیان لە ترسی فیتنە توش بـوون پێیانـەوە یـان ڕەواج پێـدانی لـە نـاو خەڵكـەوە جـا دوور كەوتنـەوە لـە شوێنەكانی گومڕایی واجبە لە بەر فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە دەر باری دەججال : = كەسـێك هـەواڵی بیـست بـا خۆی لێ لابدا جا واللە پیاوی وا هەیە دێتە لای وە واش حیساب ئەكا بۆ خۆی كە بڕوا دارە ئینجا شوێنی دەججال ئەكەوێ بەوەی كـە ئـەو گومانانەی بۆ دەر ئەخا كە لایەتی دەججال = ابو داود ڕیوایەتی كردووە البانی ئەڵێ ئیسنادەكەی سەحیحە .

بەڵام ئەگەر مەبەست لە سەیر كردنی كتابەكانیان ناسینی بیدعەكانیان بێت بۆ ڕەد لە سەر دانەوەیان ئەوە هیچی لە سەر نیـە بـۆ كەسـێك كە عەقیدەیەكی ڕاستی لا بێ كە بتوانێ خۆی پێ حەشار بدا وە تواناشی هەبێ لە ڕەد دانەوە لە سەریان بەڵكو لە وانەیە ئـەوە واجـب بـێ چونكە ڕەد دانەوەی بیدعە واجبە وە ئەوەی واجب تەواو نەبێ ئیللا بەو نەبێ ئەوە ئەویش واجبـە ) . المرجـع شـرح لمعـة الاعتقـاد الطبعـة الثالثة 1415 ﻫ 1995م ص 159و160

**فەتوای شێخ صالح الفوزان خوا بیپارێزێ :**

( س48 ما هو القول الحق في قراءة كتب المبتدعة ، وسماع اشرطتهم ؟

ج/ لا يجوز قراءة كتب المبتدعة ، ولا سماع اشرطتهم : الا لمن يريد ان يرد عليهم ويبين ضلالهم . اما الانسان المبتدىء ، وطالب العلم ، او العامي ، او الذي لا يقرا الا لاجل الاطلاع فقط ، لا لاجل الرد وبيان حالها : فهذا لا يجوز له قراءتها : لانها قد تؤثر في قلبه وتشبه عليه فيصاب بشرها . فلا يجوز قراءة كتب اهل الضلال : الا لاهل الاختصاص من اهل العلم ، للرد عليها ، والتحذير منها ) واته : ( پرسیاری 48 : قسەی حەق چیە دەربارەی خوێندنەوەی کتابەکانی ئەهلی بیدەع ، وە گوێ گرتن لە شریتەکانیان ؟

وەڵام : دروست نیە خوێندنەوەی کتابەکانی موبتەدیعەکان ، وە دروست نیە گوێ گرتنیش لە شریتەکانیان : ئیللا بۆ کەسێك نەبێ کە ئەیەوێ ڕەد باتەوە لە سەریان وە گومڕاییەکانیان ئاشکرا بکات . بەڵام مرۆڤێکی دەست پێکەری تازە=لەعلم= ، وە قوتابی علم ، یان کەسێکی عاممی ، یان کەسێك کە نایخوێنێتەوە ئیللا بۆ بە سەر گەیشتن نەبێ =بەس بۆ خوێندنەوە= تەنها ، نەك بۆ ئەوەی ڕەددی باتەوە وە حاڵی ئاشکرا بکا : ئەوە بۆی دروست نیە بیخوێنێتەوە : لە بەر ئەوەی لە وانەیە تەئسیری لێبکا لە دڵی وە گومانی لە سەر دروست ئەکا و لێی تێکەڵ ئەکا وە توشی شەڕەکەی ئەبێ . جا دروست نیە خوێندنەوەی کتابەکانی ئەهلی گومڕایی : ئیللا بۆ ئەهلی ئیختیساس لە ئەهلی علم ، بۆ ڕەد لەسەر دانەوەی ، وە ئاگادار کردن و ترساندن لێی ) . المرجع الاجوبة المفيدة عن اسئلة المناهج الجديدة الطبعة الرابعة 1426ه ص133و134

**لە کۆتایی** : موسڵمان نابێ دەمارگیری بۆ کەس هەبێت و چاوی لە بەرامبەر بیدعەکانی کوێر بکاو پاساو بۆ بیدعەو گومڕایی بێنێتەوە بەڵکو هەر کاتێ حەقی بینی لە هەر کەسێکەوە وەری ئەگرێ ابن تيمية (رحمه الله) ئەفەرموێ : (والواجب على كل مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله: أن يكون أصل قصده توحيد الله بعبادته وحده لا شريك له وطاعة رسوله، يدور على ذلك ويتبعه أين وجد، ويعلم أن أفضل الخلق بعد الأنبياء هم الصحابة، فلا ينتصر لشخص انتصاراً عاماً مطلقاً " إلا لرسول الله صلى الله عليه وسلم ولا لطائفة انتصاراً عاماً مطلقاً " إلا للصحابة رضي الله عنهم أجمعين، فإن الهدى يدور مع الرسول حيث دار، ويدور مع أصحابه) واته : ( وە واجب لە سەر هەموو موسڵمانێك کە شاهێدی ئەدا بە لا اله الا الله وە بە محمد رسول الله : کە ئەسڵی مەبەست و نیەتی بە یەك کردنی الله بێ بە پەرستنی بە تەنها کە هیچ هاوبەشی نیە وە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەرەکەی ، لە گەڵ ئەوە ئەسوڕێتەوە وە شوێنی ئەکەوێ لە هەر شوێنێ بێت ، وە ئەزانێ کە چاکترینی دروست کراوەکان لە پاشی پێغەمبەران سەحابەکانن ، جا دیفاع ناکاو شەخسێك سەرناخا سەرخستنێکی عام و بێ ڕەها ، ئیللا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەبێ وە کۆمەڵێکیش سەرناخا سەرخستنێکی عام و بێ ڕەها ئیللا بۆ سەحابەکان خوا لێیان ڕازی بێ هەمویان ، بە تەئکید هیدایەت ئەڕوات و ئەسوڕێ لە گەڵ پێغەمبەر هەر چۆنی بڕواو بسوڕێ ، وە لەگەڵ سەحابەکانی ئەڕوات و ئەسوڕێ ) منهاج السنة (261/5) .

## تاوانی بوختان کردن بۆ موسڵمانان و زانایانیان و جنێو دان بە موسڵمان!

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾

پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من حالت شفاعته دون حد من حدود الله فقد ضاد الله في أمره ، و من مات و عليه دين فليس ثم دينار و لا درهم و لكنها الحسنات و السيئات ، و من خاصم في باطل وهو يعلم لم يزل في سخط الله حتى ينزع ، و من قال في مؤمن ما ليس فيه حبس في ردغة الخبال حتى يأتي بالمخرج مما قال ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 437 واته : ( ئەوەی بە شەفاعەتی ئەو حەددێك لە حەددەکانی خوا مەنع بکرێ =بەهۆی شەفاعەتی ئەو تاوان بارێك کە حەددی لە سەرە پاش ئەوەی گەیشتووە بە قازی ئەو بچێ واستەی بۆ بکا ببێتە هۆیەك بۆ ئەوەی حەددەکەی لە سەر جێبەجێ نەکرێ= ئەوە دژایەتی و ڕکا بەرایەتی خوای کردووە لە فەرمانی ، وە هەر کەسێك دژایەتی و دەمە دەم و جیدال بکا لە سەر شتێکی باتڵ وە ئەشزانێ باتڵە ئەوە بەردەوام لە تورەیی

خوا دایه هەتتا واز ئەهێنێ ، وه هەر کەسێ شتێ بڵێ له دەربارەی برِوا دارێك که ئەو شتەی تیا نەبێ ئەوه حەبس ئەکرێ له ناو قورِاوی کێم و زوخاوی =ئەهلی جەهەننەم= هەتتا شتێ ئەهێنێ =حوججەیەك= که پێی دەرچێ لەوەی ووتویەتی )

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( سباب المسلم فسوق وقتاله كفر ) متفق عليه واته : ( جنێو دان به موسڵمان فاسقیه =دەرچوونه له فەرمانی خوا= وه شەرِکردن له گەڵ موسڵمان کوفره ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا بالفاحش ولا بالبذي ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 320 واته : ( برِوادار ئاوها نیه که زۆر عەیب له خەڵك بگرێ و قسەیان پێ بڵێ وه ئاوا نیه که زۆر لەعنەت له سەر زاری بێ وه ئاوا نیه که جنێودەر بێ وه ئاواش نیه که بێ شەرم بێو قسەی ناشیرین بکات ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده ) رواه البخاري ومسلم واته : ( موسڵمان ئەو کەسەیه که موسڵمانان له زمانی و له دەستی ئەمین بن ) .

ئومێد ئەکەم ئەوانەی بوختان بۆ سەلەفیەکان و زاناکانیان ئەکەن بەخۆیاندا بچنەوەو بزانن که ئێمه زۆر شتی راست و حەقیش له حاڵی ئەوان ئەزانین بێدەنگیمان کردووه له بەر خوا به ئەوان به ناحەقی بوختانمان بۆ نەکەن هەر لەبەر خوا ! وه هیوا دارم پێویست نەبێ جارێکی تر رەددی ئەو بەناو مامۆستایانه بدەمەوه ! داوا له خوا ئەکەم هەموو لایەکمان له سەر حەق کۆ بکاتەوەو سابتمان کات له سەری .